# کەرکوک و دەستورو سازش وگەندەڵی و تێکەڵەیەک

(بەشی سێهەم)

هێمن رەئوف
hemnrauf@hotmail.com

( بە خۆشحاڵییەوە کورد خاڵی بەیەکگەیشتنی لایەنە ناکۆکەکان بوو لە دەستوردا ) ئەمە ووتەی یەکێک لەو گەورە نێردراوانە بوو ،کە بۆ مافی کورد لەو دەستورەدا بەدەستی بێنێ،،،،سەیرە !!!
ئەوەندە دڵسۆز و نەرمو نیان بەرامبەر دوژمنێک،ئاخر هەندێک لە عەرەبی سوننە داوادەکەن کە ناوی حیزبی بەعس نەهێندرێ لەدەستوردا،،ئەو بەعسەی کە تەنها جلی ڕەشی دایکانی شەهیدان ڕەمزە بۆ ئەوەی کە نامانەوێت لە ولاتێکدا بژین لە گەڵیاندا ،نەک لەسەر مێزی گفتوگۆو دیالۆگ خاڵی تەنازول و ڕازی بوون بین بە هەر ئاماژەیەکیان،،
با بپرسین کوان ئەو خاڵە گرنگانەی کە کورد نەرێی دایە ؟کە بە زۆری کورد نە چەسپی لەو دەستورەدا ؟ بێگومان ئەگەر هەیشبێت جێی گوتن نیەو گرنگ نیە ،کەواتە دەبێ میللەت بگەرێ بەدوای وەلامی ئەو پرسیارەدا ،ئایا دۆستایەتی و برایەتی بۆ ؟
بۆ وادەکەن ؟ مەبەست چییە لە بازدان بەسەر ڕاستییەکاندا ؟
من ناڵێم پارتی ویەکێتی دوژمنی کوردن ، لەگەڵ ئەوەشدا دڵسۆزی ئەو هەموو وەفادارییەی خەڵکی کوردستان نین ،ئەوان ( پارتی و یەکێتی هێزی بیرکردنەوەیەکی تر جیا لە هەستی نەتەوایەتی و بەسەریاندا زاڵە،بۆیە لەدەست نەدانی کورسییەکانیان گرنگترە لەوەی خۆیان بخەنە بەر مەترسی یاری یەکی بەهێز کە ئەنجامەکەی دیار نیە )،بۆیە دۆستایەتی بۆ ئەوان ئەو هاوسەنگییە دەپارێزێتودەتوانن لەهەردوو جەژنەکەدا جۆلانەی خۆیان بدەن بەکرێ،وە ئەگەر کێشەیەکیان هاتە رێ پەنا دەبەنەوەبۆ دەنگی جەماوەر و کێشەکان دەکەنەوە بە گژ هاولاتیاندا، خەڵکی کوردستانیش وەک ڕەوشتی خۆیسنگ دەکەنە قەڵغان لەبەردەم هەر هێرشێکی دوژمن کارانە ،بەبێ گوێدانە ئەو هەموو نەهامەتییانەی
کە لەم چەند ساڵەی دوای روخانی ڕژێم بەسەریاندا هاتووە ،وە لەبیرکردنی ئەو هەموو نا پاکی و نا عادیلی و بەتالان بردنی سەروەتو سامانی کوردستان ، کە بە ئاشکرا کاربەدەستەکانیان دەرهەق بەخەڵکی کوردستان دەیانکرد ،،کەواتە زانیمان بۆ وادەکانو مەباستیان چیە،،
ئیستا کاتی ئەوە هاتووە بزانین چی بکەن باشە ؟ وە ئەو سیاسەتە گونجاوە چییە کە لەمرۆدا بیگرنەبەر ؟کە دڵی خەڵکی کوردستان خۆشبکاتو مافەکانیان بهێنێتە دی، وەئەگەر نا هەرنەبێت چەکەرەی ئەو ئاوات وهیوایانە سەردەربێنێ کە هەموو تاکێکی کورد لە ناخیدا بۆی دەژی،، خەڵکی کوردستان ئەو خەڵکەیە کە باسمان کرد هەند دڵکراوە وهەند گیان لەسەر دەست،فیداکار،چاونەترس،، ،وە ستەمی لێکراوە ،،، بۆ ئەمە مێژوو شایەتیم بۆ ئەدا ،

کەواتە ئێوەی دەسەڵاتدار و سەرکردەکان، خاوەنی چەکێکی بە هێزترن لەبەرامبەر،وە دەتوانن بەکاری بهێنن ، وە ئێستایش ناوچەکە نا ئارامە ،ئەگەری شەڕێکی تایەفەگەری لە ئارادایە ،ئەمە ڕاستییە هەموو لایەک دەزانن ، لە هەموو شەڕێکی ناوخۆیی دا لایەنی سێهەم کە بێلایەن دەکات،بەشی خۆی دەبات و هەرچۆنێک دەم بکاتەوە جێی خۆی دەگرێت ، دەبا ئێوەیش وەک لایەنی سێهەم وبێلایەن سود لەم ڕەوشە وەربگرنو کەمیک خۆتان ماندوو بکەن ،( پێویستە چاو نەترسو بوێر بن لە هەرلێدوانو ڕا دەربڕینێکداوە لە هێچ شەڕو بەگژداهاتنیک نەترسن لەگەڵ هەر لایەنو هەر هیزێک بێت چونکە ئێوە خاوەنی هەقن وداوای مافی کەس ناکەن )،وە ئەگەر توشی هەر بەرپەرچدانەوەیەک هاتن ،هەر میللەت زەرەر دەکات و ئیوە تەنها کورسییەک لەدەست دەدەن بەلأم گەل ڕۆڵە کانی لەدەست دەدات ، ئەوەیشی دەمینێت دەکەوێتە ژێر زۆر و ستەمەوە جارێکی تر ،،کە ئەمە زۆر دوورە و تازە ئەوە بەسەر چوو کە مافەکانمان پێشێل بکرێت و جارێکی تر بکەوینەوە دەستی داگێرکەران، کە ئەمەیش بەخوێنی شەهیدانو خەباتی پێشمەرگە ودەنگی جەماوەر هاتۆتەدی،دووبارەنەکردنەوەی ئەو لێدوانانەی کەخزمەت بە داگیرکەرانو دوژمنان دەکات،بە سەهوو نەزانینی ئەوکەسانەی داوای سەربەخۆییدەکەن،،، ئاوڕدانەوەیەک لە جەماوەرو هەستکردن بە ئازارەکانیان وەک ( چاککردنی باری گوزەران ،ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچونی رۆشنبیرانی بێلایەن،نەهێشتنی گەندەڵی وەگەڕخستنی کارمەندی دڵسۆز و کارامەو شارەزا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، ئاشکراکردنی ئەوبودجەیەی کە بۆ هەرشارێکوهەرقەزاو ناحێ و گوند و ناوچەو گەڕەکێکی ئەم کوردستانە دابێن دەکرێت وە دابەشکردنی بە عادیلانە ، هەوڵدانی جددی و بەگەڕ خستنی پڕۆژە خزمەت گوزارییەکان )

جارێکی تر کەرکوک ،،،

دووساڵی تر دواخستن... مەترسی دارترین کات لەتەمەنی ئەوشارەدا ،ئەی گەورە پیاوان !! خاوەن دەسەڵاتەکان،هەڵەیەکی یەکجارگەورەتان کرد ،وشەی سازش تان زۆر بەفیرۆدا، میللەت ماندووە ،خەبات لە پێناوی ئازادی دا لێرەوە دەست پێدەکات ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەگڕوتینێکی پرشنگدارەوە هەنگاو بنێن،ئەبێ کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ئەم جارە کەس لێتان قوبوڵ ناکات،(ئێوە لە هەندەران وپێشمەرگەکانتان لە شاخ بوون،جەماوەر گڕیان بەردایە وبارەگاکانی بەعس)،

(پێویستە پێگەو بارەگای خۆتان بە ئاشکراو بە نهێنی قایم بکەن لەو شارەدا،کەسانی ڕابردوو پاکو دڵسۆز بە نەتەوانەتی لە مەیدانەکەدا بن،دوور لە هەموو بیرێکی حیزبایەتی و تەنها (کەرکوک کوردستانە)ئامانجتان بێت،دەبی ئاسایی کردنەوە بە کوردستانی کردنەوە بێت، دەمانەوێت کەس پێبرکێمان لەگەڵ نەکات، ئێوەن هۆی ئەم دڵە ڕاوکێو هەست بەترس کردنە ، کاتی ئەوەیە بجوڵێن، ڕاپەڕن وریابن
ئەم کاتە بەس بە ناسکو هەستیار بشوبهێنن با ئەوان سڵ تان لێبکەن با ئەوان داوای ماف لە ئێوە بکەن،)

چیمان لە نەتەوەکانی دنیا کەمترە ،گەورە ترین نەتەوە کە دەوڵەتی نەبێ ئێمەین،ئاخر بۆ ؟؟؟؟؟

با بەس بەترس و لەرزەوە بەرامبەر تورک و عەرەب و فارس بوەستین ، کاتێ ئێمە دەوڵەتمان هەبووئەوان هەر نەبوون ،، دنیا لە گۆڕانکاریایە بۆ پێشەوە ، کەچی ئێمەی خاوەن گەورەترین خاکی داگیرکراوهەر لە دواوەین ، هەر بەتەماین بەشمان بدەنێ ، بۆ خۆمان نەی ستێنین ؟ ؟ ؟ بۆ ؟ ؟ ؟وادەزانم هەتا ئێرە مەبەستەکەم دیارە و لە سەرەتایشەوە لەسەر ئەوە ڕێکەوتوین کە ئەمانە ڕاو بۆچونی کوردێکی دڵسۆزە و بەس،،

لێرەدا داوام لە پارتی ویەکێتی کردووە کە لەم دووساڵەی داهاتوودا کەرکوک وناوچە ئازاد نەکراوەکانمان دەوێت، چونکە ئەوانن خاوەنی ئەو هەڵەی دواخستنە ،وە دەسەڵاتی کوردی ئەمرۆ لەدەستی ئەوانە دایە ..ئێستا بابزانین خەڵکی کوردستان لەم ڕۆی ئەم وڵاتە بێ کارەباو بێ هەموشتێکەدا،چیبکات بۆڕێگرتن لەم هەموو ناهەقییە ، بۆ دۆزینەوەی گەورەترین دز ،بۆ ئەوەی ببین بە خاوەنی ئەو بەشەی کە هەمانە لەو بەشەی وڵاتدا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بە ئاگا بێینەوە لە خەوی پارتی و یەکێتی( دەنگدان بەو دەستورە لە قازانجی کورد نییە ،دروست نەبونەوەی دەوڵەتی عێراق و ئاڵۆزی سیاسی هەڵوەشانەوەی دەستور لە سودی گەلی کوردە ،ئێمە کێشەمان کێشەیەکی نەتەوەیی یە ،پێویستمان بەوە نیە دەنگ بەدەستورێک بدەین کە مافەکانمانی تیا نەچەسپی بێت،کەسانێک نوێنەرایەتیمان بکەن کە دڵسۆزی کێشەکەمان نین،تائێستا حکومەتێکی یەکگرتوویان بۆ چێ نابیت،تائێستا باوەڕیان بەیەکدی نیە ،ئەی ئێمە بۆ باوەڕیان پێبکەین ،،ئەوان توانیان ئەو چەندساڵەی شەڕی ناوخۆ ڕۆڵەی کورد بدەن بەکوشت،چاوەڕێی چیان لێبکەین ؟ خەڵکینە کەمێک هۆشیار ببنەوە ،باداوای مافی خۆمانیان لێبکەین ،با جادەو ئاوو کارەبایان پێچاک بکەین،با کەمێک هەڵپە بکەین،با بەس شوکورو سابیر بین بەوبەشەی کە هەمانە ،(ئەگەر شوکور نەبین زیاد دەکات،خوا نایبڕێت ) ئەوە موڵکی خۆمانە لەکەسی زەوت ناکەین،با دوای کوردستان بکەوین عێراق وڵاتی ئێمە نیەهەموو کاتێ گونجاوە بۆ شۆڕش بۆ خەبات بۆ هێنانە دی ئاواتەکانمان،، ((گڕو تینی دەنگی جەماوەر لە هەموو چەکێک بەهێز ترە ))